هزر لە چیرۆکەکانی (حەسەن جاف) دا
کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلەی تاوان) بەنموونە

م. ی. تەڵعەت محەمەد عەزیز
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە- ئاکرێ
زانکۆی دهۆک

پ. د. سەلیم ڕەشید ساڵح
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەددین

پوختە

لێکۆڵینەوەکە بەناونیشانی (هزر لە چیرۆکەکانی حەسەن جاف دا، کۆمەڵە چیرۆکی دیجلەی تاوان بەنموونە) دا وەك بەشێکی گرنگی پێکهاتەی دەقەکان، بەشدارییەکی فراوانی هەیە لە دروستبوونی دەقەکاندا، کە لێرەدا هەوڵمانداوە بە ڕێبازێکی شیکاری لایەنی هزری لە چیرۆکەکان شیبکەینەوە و گرنگترین جۆری ئەو هزرانە دەستنیشان بکەین کە لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووس ڕەنگی داوەتەوە و بوونەتە هەوێنی سەرەکی چیرۆکەکانی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا ئەم بابەتانە باسکراوە (هزر وەك تێڕوانینێکی تیۆری، چەمکی هزر، هزر لە دەقە جیاوازەکاندا، هزر لە چیرۆکی کوردیدا).

بەشی دووەم: لەم بەشەدا بۆ زیاتر ناساندنی هزر لە چیرۆکی کوردیدا، کۆمەڵە چیرۆکی (دیجلەی تاوان)ی (حەسەن جاف)مان وەك نموونە وەرگرتووە، کە لەم بەشەدا ئەم بابەتانە باسکراوە (هزر لای حەسەن جاف، شیکردنەوەی چیرۆکەکانی حەسەن جاف لە ڕووی هزرەوە، هزری سیاسی، هزری نیشتیمانی (نەتەوەیی)، هزری ئەفسانەیی، هزری ڕەمزی).

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە نووسەر لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ هزری جۆراوجۆر بکات، هەروەها هزری سیاسی بەشێکی زۆربەی چیرۆکەکانی داگیرکردووە.

وشە کلیلییەکان: هزر، چیرۆک، حەسەن جاف، دیجلەی تاوان

پێشەکی

هەر دەقێك یان بابەتێك کە دەنووسرێت یان لە دایك دەبێت، لە بنچینەدا دەرهاویشتەی هزرێکە، یان بەواتایەکی تر بناغەی دەستپێکیان لە هزرەوە دەست پێدەکات، لە نێو ژانرەکانی ئەدەبیشدا، هەر ژانرەو شێوازێك یان خاوەنی هزرێکی تایبەت بەخۆیەتی، کەواتە نووسەرێك خاوەنی هزرێکی یان شێوازێکی بیرکردنەوەی تایبەت بەخۆیەتی، بەم هۆیەشەوە هزر دەبێتە خاڵی بەیەکەوە بەستنی نووسەر و دەقەکە.

هزری کوردی بەگشتی بە چەندین قۆناغ و بارودۆخی جیاواز تێپەڕیوە. چیرۆکنووسان بەپێی ژیان و بارودۆخی سەردەمەکانی خۆیان لە چیرۆکەکانیاندا گوزارشتیان لە هزری خۆیان کردووە، بابەت و ژیانی خۆیان و خەڵکانی ئەو سەردەمەیان کردووە بە هەوێنی چیرۆکەکانیان، بۆیە دەبینین لە چیرۆکی کوردیدا بەپێی سەردەمەکان هزری جۆراوجۆر و تازە بوونەتە کەرەستەی چیرۆکەکان. سەرەتا هزرەکان بەشێوەی سادە بوون و زیاتر ڕەنگدانەوەی هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا بوون و بەشێوەی سادە هزرەکان گوزارشتیان لێ دەکرا، دواتر قۆناغ بە قۆناغ هزرەکان گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە، هزری تازە و بەدارشتنێکی تازەوە هاتۆتە ناو چیرۆکی کوردییەوە.

چیرۆکنووس هزرەکانی سەردەمی خۆی کردۆتە هەوێنی سەرەکیی چیرۆکەکانی، بەشێوەیەکی هونەری وا مامەڵەی لەگەڵ کردوون کە سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لە ڕێگەی چیرۆکەکانیەوە ئەو پەیامە کە لە هزری ئەودا پەنگی خواردۆتەوە دەری ببڕێت و بیگەیێنێت بەخوێنەر، هەندێك جار هزرەکانی تێکەڵ کردووە لە چیرۆکەکانی بەشێوەیەك کە جۆرێك لە تێکەڵاوی دروست بکات و خوێنەر بەلایەکی تر ڕابکێشێت، هەریەك لەم هزرانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بارودۆخی ئەو سەردەمەی نەتەوەی کورد یان ژیانی تایبەتی نووسەر یان ژیانی کەسانێکی دەوروبەری نووسەر بێت، ئەمەش جۆر و بیرکردنەوە و تێڕوانینی چیرۆکنووس نیشان دەدات.

سنووری لێکۆڵینه‌وه‌که شیکردنه‌وه‌ی لایه‌نی هزری و جۆره‌کانیه‌تی له چوارچێوه‌ی کۆمه‌ڵه چیرۆکی (دیجله‌ی تاوان)ی "حه‌سه‌ن جاف دا" که ئه‌م کۆمه‌ڵه چیرۆکه ده‌که‌ینه سنووری لێکۆڵینه‌وه‌که‌مان.

ئامانجی لێکۆڵینه‌وه‌که سه‌ره‌تا خستنه‌ڕووی پێناسه و چه‌مکی هزر و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هزر و جۆره‌کانیه‌تی لای چیرۆکنووس، دواتر ده‌ستنیشانکردنی جۆره‌کانی هزر و ئه‌و لایه‌نه هزرییه‌ی، که به‌سه‌ر چیرۆکه‌کاندا زاڵه، ئه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه هیچ گیروگرفتێکی نه‌هاته پێش، که شایه‌نی ئه‌وه بێت لێره باسی بکه‌ین.

له لێکۆڵینه‌وه‌که‌ماندا میتۆدی وه‌سفی شیکاری به‌کارهاتووه" که له به‌شی یه‌که‌مدا زیاتر میتۆدی وه‌سفی به‌کارهاتووه، به‌ڵام له به‌شی دووه‌مدا زیاتر میتۆدی شیکاری به‌کارهێناوه.

ئه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه له دوو به‌ش پێکدێت:

به‌شی یه‌که‌م: له‌م به‌شه‌دا ئه‌م بابه‌تانه باسکراوه (هزر وه‌ك تێڕوانینێکی تیۆری، چه‌مکی هزر، هزر له ده‌قه جیاوازه‌کاندا، هزر له چیرۆکی کوردیدا).

به‌شی دووه‌م: له‌م به‌شه‌دا بۆ زیاتر ناساندنی هزر له چیرۆکی کوردیدا، کۆمه‌ڵه چیرۆکی (دیجله‌ی تاوان)ی (حه‌سه‌ن جاف)مان وه‌ك نموونه وه‌رگرتووه، که له‌م به‌شه‌دا ئه‌م بابه‌تانه باسکراوه (هزر لای حه‌سه‌ن جاف، شیکردنه‌وه‌ی چیرۆکه‌کانی حه‌سه‌ن جاف له ڕووی هزره‌وه، هزری سیاسی، هزری نیشتیمانی (نه‌ته‌وه‌یی)، هزری ئه‌فسانه‌یی، هزری ڕه‌مزی).

له کۆتاییدا ئه‌و ئه‌نجامانه‌ی که له‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه‌دا پێی گه‌یشتووین، به چه‌ند خاڵێك خراوه‌ته ڕوو.

بەشی یەکەم
هزر وەک تێڕوانینێکی تیۆری

١-١ چەمکی هزر :

هزر یەکێکە لەو چەمکە فراوانەی کە بە شێوەی جیاواز لێکدانەوەی بۆ کراوە، ئەمەش بۆ ئاڵۆزی و ناڕوونیی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی فراوان لەنێو بوارە جیاوازەکاندا بەکارهاتووە و لێکدانەوەی بۆکراوە. سەرەتا دەربارەی ئەم چەمکە لە زمانی ئینگلیزیدا، بەرامبەر وشەی هزر وشەی (Thought) بەکار هاتووە (لیژنەی ئەدەبی کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠٠٦:١٦٨)، کە پەیوەندیی بە هەر زانست و بابەتێك هەیە، یان زۆرجار دەگوترێت بناغەی هەر زانست و کارێکە. سەرەڕای ئەمە چەندین لێکۆڵەر و فەیلەسوف پێناسەی هزریان کردووە وەکو ((ئەو چالاکیە گیانییەیە، یان ناماددییە کە لە پێکهاتەی ماددی (مێشك) دەکەوێتەوە و تایبەتمەندی و توانای مرۆڤ لەچاو بوونەوەر و زیندەوەرەکانی تر دەردەخات، بەوەدا کە پرۆسەیەکە لە بنەماکانی لۆژیك پشت بەستووە، واتە چالاکییەکی ڕێکوپێك و تەواوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت)) (حمید عزیز، ٢٠٠٩:٣٠)، واتا بەپێی ئەم پێناسەیە بێت هزر لایەنێکە لەو لایەنە سەرەکییانەی کە تایبەتە بە چالاکیی مێشك و هۆکارێکی سەرەکی جیاکردنەوەی تایبەتمەندی و کار و کردەوەکانی مرۆڤە لەگەڵ بوونەوەر و زیندەوەرەکانی تر. هەندێکی تر هزر دەبەستنەوە بە زمان، بەوەی کە (زمان ئەو کەرەستەیە کە هزر کاری تێدا دەکات، هزریش ئەو لایەنەیە کە کەرەستە زمانییەکان لە خۆ دەگرێت و کۆیان دەکاتەوە، بەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە پەیوەندیی نێوان زمان و هزر، پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە. وەك دوو ڕووی یەك دراون) (محمد داود، ٢٠٠٩:٣٣)، پەیوەندییەکی دوو لایەنە و نەبڕاوە لەنێوان (زمان و هزر)دا بوونی هەیە، لە ڕوانگەیەکی ترەوە هزر (بیرکردنەوەیە لە شتێکدا، یان شتێك کە چەند جارێك دووبارە بکرێتەوە) (احمد بن فارس، ٢٠٠٨:٣٢٨)، واتە هزر بریتییە لەکردەی دووبارەکردنەوەی بیرکردنەوە لەسەر بابەتێك یان دیاردەیەك.....هتد، هەروەها غەزالی بەم شێوەیە باسی چەمکی هزر دەکات و دەڵێ: ((هزر واتە هێنان و بردنی دوو زانیاری (مەعریفە) لە عەقڵدا بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زانیاری (مەعریفەی) سێیەم بێتە ئەنجام و دروست بوون)) (ابو

حامد محمد، ٢٠٠٦:١٨٠١)، واتە هزر کرداری ئاڵوگۆڕی و لێکدانی دوو بیر یان دوو بۆچوون یان دوو زانیاری ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت بۆچوونی سێیەم یان زانیارییەکی جیاواز بێنێتە کایەوە، هەندێکی تر بیر دەبەستنەوە بەبیرکردنەوەی مرۆڤی بەرامبەر و دەوروبەرەکەی، ((بیر زاخاو و ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی مرۆڤە بەرامبەر دەوروبەرەکەی، واتا کۆمەڵێك بیر و بۆچوونیەتی کە ڕۆژانە بەرامبەر بە جیهانی دەرەوەی خۆی دەریدەبڕێ، بەو دەربڕینە (بوون)ی خۆی لە ئاستی شتەکان و کەسەکانی تر دەستنیشان دەکات)) (فوئاد عبدالرحمان، ٢٠٠٩:٩)، واتە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، بیر پێکدێت لە کۆمەڵێك بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لەلایەن مرۆڤەکان کە بەرامبەر بەو دیاردە و بارودۆخ و کەرەستانەی کە لە دەوروبەری خۆیدا بوونیان هەیە دەریدەبڕێت، لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەرجەم ئەو پێناسانەی کە بۆ چەمکی (هزر) کراوە، لە ڕوانگە و تێڕوانینی جیاوازەوە کراوە، کە هەریەکە بەشێوەیەك گوزارشتی لەم چەمکە کردووە، بەڵام هەموویان لەوە یەکدەگرنەوە کە هزر دەربڕینی کۆمەڵێك دید و تێڕوانینی جیاوازە لەلایەن مرۆڤەکان، کە بەرامبەر بەو دیاردە و بابەتانەی لە دەوروبەریەتی.

١-٢هزر لە ژانرە جیاوازەکاندا :

ئەگەر سەیری ژانرەکانی ئەدەب بکەین دەبینین هەر یەکەو بەپێی تایبەتمەندی و سنووری خۆی گوزارشت لە بابەتەکان دەکەن. لە ڕووی هزرەوەش هەر یەکەو شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم لایەنە جیاوازە، ئەگەر سەیری وتار بکەین وەك ژانرێکی ئەدەبی ئەوا دەبینین هزرەکان بەشێوەیەکی جیاواز بەکاردێن بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی تر، شێوازی بەکارهێنانی هزر لە وتاردا بەشێوەیەکی فراوان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە چەند هزرەکە بەهێز و سەرنجڕاکێش بێت، ئەوا وتارەکە زیاتر پێشوازی لێ دەکرێت و دەخوێندرێتەوە و بەنێو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بەپێی بەرنامەیەك هزرەکانی بخرێتەڕوو ((هەر وتارێك پێویستە (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) تێدا هەبێت، نووسەر لەڕێگەی بیرەکانی خۆی بەپێی داڕشتنێکی هونەری بخاتەڕوو، یاخود لە باسێکی سەربەخۆدا کە لە چەند

پەرەگرافێکی پێکهاتوو بیرێکی دیاریکراوی خۆیدا دەخاتەڕوو، هەروەها هەڵگری ناونیشانێك بێت گوزارشت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بکات)) (ئاریانا ئیراهیم، ٢٠١١:٢٨٦)؛ واتە داڕشتنی هزر لە وتاردا و ئەو ناونیشانەی کە بۆی دەستنیشان دەکرێت دەبێت پەیوەندییەکی دوو لایەنە لە نێوانیاندا هەبێت، چونکە ئەگەر ئەم پەیوەندییە بوونی نەبێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وتارەکە بنووسرێت، ئەوا خوێنەر تووشی ڕاڕایی دەکات و لە ناوەڕۆکی وتارەکە ناگات و وای لێدەکات بێزاربێت. لەگەڵ هزرەکەدا دەبێت ڕەچاوی زمان و چینەکانی کۆمەڵگا بکرێت لە داڕشتنی وتارەکەدا، چونکە ئەگەر هزری وتارەکە چەند بەهێزبێت، بەڵام زمانەکەی لە ئاستی چینەکانی کۆمەڵگا نەبێت، ئەوا لەلایەن خەڵك بەگشتی پێشوازی لێ ناکرێت، بەڵکو لەلایەن چینێکی کەمی کۆمەڵگا دەخوێندرێتەوە، هەروەها مەزراندنی هزر لە وتاردا زۆر جار بەپێی بابەت و بیرۆکەی نووسەر و بارودۆخی ناو کۆمەڵگا جیاواز دەبێت، کە ئەمەش وتاری جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، ئامانج لە مەزراندنی هزر لە وتاردا زیاتر دەرخستنی بابەتە شاراوەکانی ناو کۆمەڵگایە و نیشاندانی بە خەڵك و جەماوەرە، کە نووسەر بەشێوازێکی ئەدەبی و زمانێکی گشتی دەنووسێت بۆ ئەوەی خەڵك بەگشتی بخوێنێتەوە و توانای تێگەیشتنی هەبێت، چونکە دەبێت لە وتاردا ((زمانێکی سادە و ساکار بێت تیایدا وشە و دەستەواژەی ڕووت و ئاسان بەکاربهێنێت، کە زۆرترین چین و توێژەکانی کۆمەڵ بتوانن بە ئاسانی لێی تێبگەن، کە خۆی لە زێدەڕۆیی بپارێزێت و مەبەستەکە خێرا بە دەستەوە بدات)) (هیمداد حسێن، ٢٠٠٢:٩٨). بەم هۆیەشەوە هزرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەخرێتە بەردەم خوێنەران کە خۆیان لە بابەتی جیاواز دەبینێتەوە وەك (وەرزشی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفی، .... هتد)، داڕشتنی هزر لە هەریەك لەم بابەتانە، جیاواز دەبێت.

سەبارەت بە ڕەنگدانەوە و مامەڵەی هزر لە شیعردا، ئەگەر سەیربکەین دەبینین کە لە شیعردا هزر بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە جیاوازە لە وتار، لەم ڕوانگەیەشەوە هەریەکە و بەشێوەی جیاواز پێناسەی هزریان کردووە لە چوارچێوەی شیعردا بە بۆچوونی هەندێکیان ((هزر یان بیرۆکە بە بنیات و ڕەگەزی سەرەکی شیعر دادەنرێت لە پاڵ بنیات و ڕەگەزەکانی دی وەك : شێواز، داڕشتن،

سۆز، زمان، ئه‌ندێشه‌، مۆسیقای ده‌ره‌كی (كێش و سه‌روا) و مۆسیقای ناوه‌كی (ڕێكخستن و هه‌ماهه‌نگی ده‌نگ و برگه‌ و وشه‌كان)))(سالار عزیز،٢٠١٤:١٦) .

كه‌واته‌ هزر به‌ یه‌كێك له‌ ڕه‌گه‌زه‌ هه‌ره‌ سه‌ره‌كییه‌كانی شیعر داده‌نرێت و مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌كرێت، هه‌روه‌ها له‌ پاڵ ڕه‌گه‌زه‌كانی تر نابێت فه‌رامۆش بكرێت و پشتگوێ بخرێت، به‌ڵكو ده‌بێت به‌ وردی مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ بكرێت، به‌و پێیه‌ی كه‌ هۆنراوه‌ش زاخاوی هه‌ڵقوڵاوی مێشكی نووسه‌ر و شاعیرانه‌، كه‌ له‌ ئه‌نجامی لێكدانه‌وه‌ و وردبوونه‌وه‌یه‌تی به‌رامبه‌ر به‌ دیارده‌یه‌ك یان ڕووداوێك یان بابه‌تێك كه‌ زۆر كاریگه‌ری له‌سه‌ر هه‌بووه‌.

١-٢ هزر له‌ چیرۆكی كوردیدا :

ئه‌گه‌ر سه‌یری ژانره‌كانی ئه‌ده‌ب بكه‌ین ده‌بینین هه‌ر یه‌كه‌و به‌پێی تایبه‌تمه‌ندی و سنووری خۆی گوزارشت له‌ بابه‌ته‌كان ده‌كه‌ن. له‌ ڕووی هزره‌وه‌ش هه‌ریه‌كه‌و شێوازی مامه‌ڵه‌كردنی له‌گه‌ڵ ئه‌م لایه‌نه‌ جیاوازه‌.

هه‌روه‌ها به‌كارهێنان و مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ هزردا له‌ بواری چیرۆكدا كارێكه‌ پێویستی به‌ ئه‌زموونێكی سه‌ركه‌وتوو هه‌یه‌ بۆ ئه‌وه‌ی چیرۆكنووس ئه‌و بابه‌ته‌ی كه‌ له‌ مێشكیدایه‌، بتوانێت به‌ هزر و تێڕوانینێكی سه‌ركه‌وتوو دابڕێژێت، به‌ هزرێك بتوانێت سه‌رنجی نووسه‌ر به‌ لای خۆیدا ڕابكێشێت، هه‌روه‌ها كاریگه‌ری بخاته‌ سه‌ری، ئه‌م هزره‌ش ده‌بێت به‌شێوه‌یه‌كی بته‌و ڕێك بخرێت و داڕشتنی بۆ بكرێت، كه‌ ئه‌م داڕشتنه‌ش له‌ لایه‌ن كه‌سێكه‌وه‌ ئه‌نجام ده‌درێت و هه‌ڵده‌ستێت به‌ لێكدانی به‌شه‌كانی چیرۆك و چه‌ندین ڕووداوی جۆراوجۆر له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م هزره‌وه‌ دروست ده‌كات، به‌ڵام ده‌بێت په‌یوه‌ندییه‌ك له‌نێوان به‌شه‌كان هه‌بێت، چونكه‌ چیرۆك ((چه‌ند یه‌كه‌یه‌كه‌ و له‌ چه‌ند برگه‌یه‌ك پێكدێت و هه‌ر برگه‌یه‌كیش ته‌واوكه‌ری به‌شه‌كانی تره‌ و به‌ هه‌موویان له‌ ڕێگه‌ی چۆنیه‌تی لێكدانیان بینا هونه‌رییه‌كه‌ی پێكدێت و ئه‌و قاڵبه‌ هونه‌رییه‌ ڕێكخراوه‌ دروست ده‌كات، كه‌ له‌ ئه‌نجامی پێوه‌ندی به‌ ئۆرگانه‌كانی نێوان به‌شه‌كان و پێوه‌ندییه‌ به‌ناو یه‌كدا چووه‌كانی نێوان بنه‌ما هونه‌رییه‌كان به‌پێی یاساكانی ناوه‌وه‌ دروست ده‌بێت)) (په‌رێز سابیر، ٢٠٠٥:٦٥)، كه‌واته‌ ده‌بێت نووسه‌ر ئاگاداری

داڕشتنی هزرەکەی بێت لەکاتی نووسین و ڕێکخستنی ڕووداوەکان و بەشەکانی چیرۆك، چونکە پەیوەندییەکی تەواوکاری لە نێوانیاندا بوونی هەیە، بۆیە هزر لە چیرۆکدا مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێت و نووسەر زیاتر و بەشێوەیەکی فراوانتر لە شیعر دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات و جۆراو جۆری هزر لەناو دەقەکاندا بەکار بهێنێت، هەروەها زۆر جار چیرۆکنووس ئەو هزرەی کە دەیەوێت لە چیرۆکەکە باس بکات، لە ڕێگەی ڕەنگدانەوە لە ژیانی پاڵەوانێك، بە تایبەتی پاڵەوانی سەرەکی، بەشێکی زۆر لە مەبەست و هزرەکەی لەوێوە دەخاتەڕوو، ((چیرۆکنووس دەتوانێت بەشێك لە فیکری خۆی لەڕێی قارەمانە سەرەکییەکەیەوە دەرببڕێت، هەروەها دەتوانێت ئەوەی بیەوێت لە ڕێی کارەکتەرەکەیەوە بیڵێت کە پانتاییەکی کەمی لە چیرۆکەکەدا داگیرکردووە)) (حەمە سەعید، ٢٠٠٥:٦٦)، کەواتە دەتوانین بڵێین کە کەرەستەی دەستی چیرۆکنووس بۆ ئەوە هزرەکانیان لە ڕێگەی ئەو ڕووداوانەی کە لە چیرۆکەکەدا بەسەریان دێت بخەنەڕوو و نیشانی خوێنەری بدەن و بۆ خوێنەر مەبەستەکەیان بخەنەڕوو، بەڵام بە شێوازێکی هونەری و بە زمانێکی ئەدەبییانە، کە ڕەنگە ئەمە زۆرجار خوێنەر بەرەو ئەو ئاراستەیە ببات کە وا لێکداتەوە ئەو هزرە هی خودی پاڵەوانەکەیە، بەڵام لەڕاستیدا هی نووسەرەکەیە، کە ڕەنگە نووسەر خۆی بەشدار نەبێت لە پاڵەوانی ناو چیرۆکەکە.

ئەگەر سەیری چیرۆکی کوردی بکەین، دەبینین بەچەندین بارودۆخ و قۆناغی جیاواز و درێژدا تێپەڕیوە. ئەمەش بەهۆی ئەو ڕووداو و بارودۆخەوە بوو کە تاك و کۆمەڵگای کوردی تیایدا ژیاوە، ((چیرۆکی کوردیش بە هۆی سەرچاوەی ئەو ژیانە دوور و درێژەی ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی نەتەوەی کورد وەك داستانە مێژوویی و دڵدارییەکان لەلایەك و بەهۆی کارتێکرد و هەنگاو هەڵگرتن و لاساییکردنەوەی ئەدەبی جیهانی و دراوسێیەکانی لەلایەکی تر، شێوازێکی تری بە خۆوە گرتووە و چۆتە ناو چوارچێوە و قاڵبی هونەر و پەخشان شێوازی گێڕانەوەی وەرگرتووە)) (سەلیم ڕەشید سالح، ٢٠١٢:١٣) واتە چیرۆکی کوردی لە پاڵ ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویدەدا، لەگەڵ کاریگەری و لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دراوسێ، هۆکارێك بوون بۆ سەرهەڵدان و وەرگرتنی شێوازی

هونەری و بەرەو پێش چوونی چیرۆکی کوردی، لە ڕووی هزرەوەش ئەگەر سەیری چیرۆکی کوردی بکەین، دەبینین کە لە سەرەتاوە تا کو قۆناغی ئێستا، زیاتر ڕەنگدانەوەی ژیان و بارودۆخ و گوزەرانی ناو کۆمەڵگای کوردییە لە سەرجەم بوار و لایەنەکاندا وەك (سیاسی، کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵی، ئاینی، ڕۆشنبیری،......هتد)، واتە زیاتر ئەو هزرانە باو بوون کە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی ناو کۆمەڵگای کوردی بوون، چونکە ((چیرۆکی کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانیدا ڕێبازی ڕیالیزمی هەڵبژاردووە)) (حەمە سەعید،٢٨:٢٠٠٥)، واتە سەرەتا چیرۆکی کوردی بەو بابەتە واقیعییانە دەستی پێکردووە کە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبوونە و چیرۆکەکان بوونەتە ئاوێنەی ئەو ژیان و بارودۆخەی خەڵکەکە، چونکە ((ئەدەب ئاوێنەی ژیانە)) (عەزیز گەردی، ٧:١٩٧٨)، هەروەها چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە زیاتر هزری کۆمەڵایەتی و ئاینی بە خۆوە گرتبۆوە، دواتر بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەکە زیاتر هزری (سیاسی) بڵاوبۆوە بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر هزری جۆراوجۆر لە ناو چیرۆکی کوردیدا بڵاوبۆوە.

بەشی دووەم

٢-١ هزر لە چیرۆکەکانی (حەسەن جاف) دا:

حەسەن جاف یەکێکە لە چیرۆکنووسە ناسراوەکانی ناو ئەدەبیاتی کوردی. نووسەر بە چەندین کۆمەڵە چیرۆك و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، توانیویەتی گەشە بە بواری ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆکی کوردی بەتایبەتی بدات، دیارترین کۆمەڵە چیرۆکەی کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین بەناوی (دیجلەی تاوان)ە، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە چەندین کورتەچیرۆك پێکهاتووە کە بریتین لە (دیجلەی تاوان، پاشای شارەکەمان، ڕێی هات و نەهات، دوو وێنە و دوو دەنگ، ئەسپی سپی، یاسای شارێك، شوان، جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، دیمەنێکی تەلەفزیۆنی، زمانی پیرۆز، ئازادی، هاوین، ژیان، پارە، میوانە ناوەختەکان، چپەکانی مەجیدیە، کۆمیدیای سەهۆڵ)، کە هەندێکیان زۆرکورتن و هەندێکی تریان کورتە چیرۆکی ئاساین. نووسەر لەم کۆمەڵە چیرۆکە بەپێی توانا و بەهرە و ئەزموونی

چیرۆکنووسی تێڕوانینی خۆی دەربارەی بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی سەردەمێك لە سەردەمەکانی ژیانی خۆی و چەند هاوڕێیەکی دەخاتەڕوو، کە باس لە چۆنیەتی ژیانی خەڵك و دەسەڵات و حکومەتی ئەو سەردەمە دەکات لە چۆنیەتی ئازاردانی کوردەکان و بەکەم سەیرکردنیان و پشتگوێخستنیان، نووسەر بەهۆی بەکارهێنانی هزری جۆراوجۆری و داڕشتنێکی ئەدەبی، لەم ڕووەوە چەندین چیرۆکی هونەری و سەرنجڕاکێش و جۆراوجۆری بەرهەم هێناوە و نووسیویەتی، کە هەریەکەو گوزارشت لە چەندین دیمەن و وێنەی ژیانی سەردەمی خۆی نیشان دەدات، لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا هزرەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی ، نیشتمانی)، بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ فراوانی هزری نووسەر و توانا و زاڵبوونیەتی بەسەر ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە، بەم هۆیەشەوە کە هزری جیاواز لەناو چیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها هزری سیاسی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا باڵی بەسەر زۆربەی چیرۆکەکان کێشاوە، ئەو لایەنەی ئێمە لێرەدا کاری لەسەر دەکەین، ئەوەیە کە شیکردنەوەی چیرۆکەکانە لە ڕووی بەکارهێنانی هزری جیاواز لای چیرۆکنووس، هەروەها ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی ئەو سەردەمە لەنێو چیرۆکەکاندا.

٢-٢ شیکردنەوەی چیرۆکەکان لە ڕووی هزرەوە .

٢-٢-١ هزری سیاسی:

هزری سیاسی یەکێکە لەو لایەنەی بەشێوەیەکی فراوان لەنێو ئەدەبیات بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەمەش بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی میللەتەکان بووە، میللەتی کوردیش وەکو نەتەوەیەك کە بە چەندین قۆناغی جیاواز تێپەڕیوە، ئەم قۆناغانەش لەنێو بەرهەمی نووسەرەکان ڕەنگی داوەتەوە، هزری سیاسی وەك لایەنەکی گرنگ لەناو ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە و بووە بە بەشێك لە ئەدەبیاتدا ((خاڵی بەیەکگەیشتن و پەیوەندیی ناوخۆیی نێوان سیاسەت و ئەدەب هەمان بابەتە کە لەنێوان مرۆڤ و ژیانە، هەردووکیان لە بنەڕەتدا وەکو دوو دیاردە لە کۆمەڵەوە هەڵدەقوڵێن، بۆیە نابێت ئەدەب و سیاسەت وەکو دوو مەسەلە و دوو جیهانی یان دوو لایەنی جیاواز و لێك دابڕاو سەیر بکرێت)) (عوسمان

دەشتی، ٤٤:٢٠٠٣)، واتە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سیاسەت پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە، کە بەشێوەیەك تێکەڵی یەك بوونە، کە دابڕانیان ئاسان نییە. نووسەر لە چیرۆکەکانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی بەم لایەنە داوە و لە چیرۆکەکانیدا بەشێوەی جیاواز باسی کردووە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (دیجلەی تاوان)دا دەڵێ: ((بۆ نازانی کورد لەو شوێنانە دانامەزرێنن مەگەر یەکێ (واسیتە)یەکی زۆر گەورە و دەستڕۆیشتووی هەبێ .. ئاخر نەگبەت تۆ کێت هەیە.)) (دیجلەی تاوان، ل١٢)، لێرەدا ئاماژە بە دیاردەیەك دەکات کە لە سەردەمی ڕژێم باو بووە بەهۆی فەرامۆشکردنی نەتەوەی کورد و گرنگیدان بە نەتەوەکانی تر، کەسانی کوردیان لە دام و دەزگاکاندا دانەدەمەزراند و پشتگوێیان دەخست، ئینجا ئەگەر کەسێك یان بەرپرسێك واسیتەیەکی بۆ بکردبایە، ئەمەش لە ڕێگای خستنەڕووی بارودۆخی هاوڕێیەکی لە شاری (کەرکوك) کە دەرچووی زانکۆ بووە دەیەوێ دابمەزرێت، یان لە چیرۆکی (دیمەنێکی تەلەڤزیۆنی) دەڵێ: ((لەناو ئازارەکانی گەلەکەی چاوی کردەوە.. کۆمەڵێك سەرباز بەسەرییەوە وەستابوون و لوولەی کلاشینکۆفیان تێ کردبوو، یەکێکیشیان بە نووکە پۆستاڵ تێوەی ئەژەن)) (دیجلەی تاوان، ل٤٨). لێرەدا ئاماژە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە دەکات کە چۆن بەرامبەر بە نەتەوەی کورد خراپ بوون و سزای تاکی کوردیان داوە، کە هەر کەسێك بە ویستی خۆیان گومانیان لێ بکردبایە، ئەوا شتێکیان بۆ دروست دەکرد و لە هەر کاتێك بوایە، هێرشیان دەکردە سەر ماڵەکەی و سزا و ئەشکەنجەیان دەدا، هەروەها لە چیرۆکی (میوانە ناوەختەکان)دا دەڵێ: ((هێشتا ڕۆژ نەگەیشتبووە ناوەندی ئاسمان کە دەوری گەڕەك گیرا و بە ناو کۆڵان و سەربانەکاندا بڵاوبوونەوە، خەڵکەکە لە ترسا هەر کەسەو دەرگای خۆی داخست و نەیدەوێرا سەر بکێشێتە دەرەوە)) (دیجلەی تاوان، ل٦٠). لێرەدا چیرۆکنووس ئاماژە بە حاڵەتێکی زۆر ناخۆش دەکات کە کاتێك سەربازەکانی ڕژێم چۆن لە هەموو کات و ساتێکدا بێ ئەوەی خەڵکەکە ئاگادار بێت، هێرشیان دەکردە سەر ماڵ و منداڵ و خەڵکەکە، کە بێ ئەوەی کەس بتوانێت لە بەرامبەریان بوەستێت تەنانەت زۆرجار لەکاتی بەیانییەکی زوو هێرشیان دەکردە سەر خەڵکەکە، هەروەها لە چیرۆکی (ڕێی هات و نەهات) دا دەڵێ: ((لەبەر ئەوەی چەند جارێك لەمەوبەر،

تەنانەت ڕۆژێك پێش ئەوەی بتگرین لەغمت داناوە و بوویتە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی چەندەها سەرباز.. تاکو سوپای نەبەز و نەخەوتوومان توانییان دەستی تاوانت ببڕن و لەکاتی ئەنجامدانی ئیشە چەپەڵەکانتدا و پێش ئەوەی تاوانێکی دیکە دژ بەگەل و نیشتیمان بکەی بتگرن)) (دیجلەی تاوان، ل ٢٨)، لێرەدا بەهۆی ئەوەی، کە سەربازەکانی ئەوکاتی ڕژێم هەمیشە هۆکارێك و تاوانێکیان دەدا پاڵ کەسەکان بۆ ئەوەی بە بیانوویەك بیگرن و سزای بدەن، لێرەشدا بە بیانووی دانانی لەغم، هەوڵیانداوە بیگرن و سزای بدەن، ئەمەش وەك هۆکارێك بەکاریان دەهێنا بۆ شاردنەوەی سزاکان و چەواشەکاریی خەڵك، هەروەها لە چیڕۆکی (دوو وێنە و دوو دەنگ)دا دەڵێ: ((سەربازەکان هەناسەیان لە خۆیان بڕیوە و چاویان بڕیوەتە ڕێگاکەی بەرامبەریان و پەنجەشیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانە.... هەتا کابرا و بزنەکان نزیك دەبوونەوە و ترپەی دڵیان زیادی ئەکرد و ڕەنگیان زەرد هەڵئەگەڕا.... ئەفسەرەکەش هەرچاوی نابوو بەکونەکەوە، بەڵام ئەمجارەیان دەستێکی بەرزکردەوە و لە پڕ دەستی داگرت و...... بوو بە دەستڕێژ)) (دیجلەی تاوان، ل ٣٤)، لێرەدا دیمەنێکی ناخۆشی سەردەمی ڕژێم نیشان دەدات، کە سەربازەکانی لە هەموو شوێنێك بڵاوکرابوونەوە تەنانەت لە شوێنی لەوەڕاندنی بزن و مەڕەکانیش، کە هەرکاتێك بیانەوێت دەبنە ڕێگر لە خەڵك و بەئارەزووی خۆیان خەڵك ئەزیەت دەدەن، تەنانەت زۆرجار هەر بێ هیچ هۆکارێك دەستڕێژی گوللەیان لە خەڵك دەکرد، بۆیە هیچ شوێنێکی ئارامیان نەهێشتبۆوە، کە بتوانی بەئازادی بسووڕێیتەوە، هەروەها لە چیڕۆکی (چپەکانی مەجیدیە) دا دەڵێ:

((- ئەمڕۆ کچەکەمیان لە مەکتەب وەرنەگرت.

- بۆ؟

_ ئەڵێن جێگە نییە!

- چۆن.. خۆ نووسراوی وەزیری پەروەردە هەیە ئەڵێ ئەبێ هەموو منداڵێ لە مەکتەب وەرگیرێ

- هەموو منداڵێ...؟ بەڵام منداڵی کورد نەء؟!

- بەسەری تۆ ئەگەر منداڵ دەرنەکەن، لەو شۆریجەیە ئەبێ ئەمساڵ دوو مەکتەب بکەنەوە.

- بەخوا جوانە.. قوتابخانە کوردییەکان دائەخەن و منداڵی کورد دەرئەکەن، هەر بۆ ئەوەی خوێندنی کوردی نەمێنێ..)) (دیجلەی تاوان، ل٦١)، لێرەدا لە ڕێگەی دایەلۆگێکەوە باس لە کێشەیەکی سیاسیی ئەو سەردەمە دەکات، کە بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامدەدرا، ئەویش بێ بەشکردنی منداڵانی کوردە لە خوێندن، کە لە شارە کوردنشینەکان بەتایبەتی (کەرکوك) ئەم جۆرە کارانە لەلایەن ڕژێمەوە بەرامبەر بە کورد ئەنجامدەدرا، بەم هۆیەشەوە دەیانویست تاکی کوردی نەخوێندەوار بێت و بێبەش بێت لە گەیشتن بە زانست و زانیاری، لە پاڵ ئەمەشدا نەتەوەی کورد لاواز بکەن و هەمیشە لە گەشەکردن بوەستێت و نەتوانن پەرە بە توانا و زانستی خۆیان بدەن.

٢-٢-٢ هزری نیشتیمانی و نەتەوەیی:

هزری نەتەوایەتی یەکێکی ترە لەو لایەنەی کە لە نێو بەرهەمی نووسەران ڕەنگیداوەتەوە، ئەم هزرەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك لایەن، کە پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵگا و کەسەکانەوە هەیە سەر هەڵدەدات وەك لایەنی (ئاینی، کلتووری، زمان،.....هتد)، هزری نەتەوایەتی ((ئەو هەستە بزوێنەرە سروشتییەی ناخی مێشك و دەروونی مرۆڤە، بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و ڕاژەی گشتی و خۆبەستنەوە بەڕەوشتە، بەرز و نەریتە پیرۆزەکانی ناو کۆمەڵ لەکاردایە و خاوەنی خەسڵەتە گرینگەکانی ژیانی مرۆڤە)) (عبدالله ئاگرین، ١٩٩٩:٤٢). واتە هزری نەتەوایەتی، لە ئەنجامی تێڕوانینی مێشکی مرۆڤە لە بەرامبەر چەندین کار و چالاکی جۆراوجۆر بەرامبەر بە نەتەوەکەی بۆ ئەوەی ببێتە هۆی گەشەسەندن و پێشکەوتنی نەتەوەکەی. ئەگەر سەیری ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بکەین دەبینین کە نووسەر لە چەندین شوێن ئاماژەی بە هزری نەتەوەیی کردووە، وەك هاندان و بەرەو پێشچوونی ئەم هزرە لەناو تاکی کوردی و زیاتر ئاگاداربوونیان لە کێشەکانی تایبەت بە نەتەوەکەی. بۆنموونە لە چیرۆکی (یاسای شارێك) ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن هەوڵیان داوە شارە کوردییەکان

بشێوێنن و مۆرکی کوردایەتی لێ بسڕنەوە و هەوڵی دەرکردنی خەڵکەکەی دەدەن وەك دەڵێ: ((لەبەر ئەوەی زۆر بڵێیت و هەر خەریکی سکاڵایت و هاتوویتە شوێنێك جێی تۆ نییە و مافی ئەوەت نییە بێیتە ناوی، ئەممەش دەرچوون و لادانە لە یاسا بۆیە (شت) فەرمانی کوشتنی دەرکرد)) (دیجلەی تاوان، ل٤٢). لێرەدا نووسەر وەك تاکێکی کورد چۆن بەهۆی هەستی نەتەوایەتییەکەیەوە تاکی کورد هۆشیار دەکاتەوە لەوەی کە لە سەردەمی کۆندا چۆن هەوڵی داگیرکردنی شوێنە کوردنشینەکان دراوە و تەنانەت وایان لە کوردەکان کردووە کە قەدەغە بێت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، هەروەها لە چیرۆکی (زمانی پیرۆز) دا دەڵێ: ((برایان هەمووتان ئەزانن کە شۆڕشەکەمان توانی بۆ یەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بکا و دان بە مافی هەموو نەتەوەکاندا بنێ و ڕێگەی خوێندن و پەخش و ڕۆژنامەیان بۆ خۆش بکا و بە زمانی خۆشیان، هەروەها قوتابخانە بکاتەوە تا کەمە نەتەوایەتییەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن)) (دیجلەی تاوان، ل٥١)، لێرەدا ئەوە دەردەخات کە دوای چەندین هەوڵ و کۆشش و شۆڕشی یەك لەدوای یەك و لە پێناو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، توانییان ئەو مافە بەدەست بهێنن کە قوتابخانە بەزمانی خۆیان بکەنەوە و بتوانن بەزمانی خۆیان بنووسن و بخوێنن، کە ئەممەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی نەتەوە و زیاتر ناساندنی نەتەوە.

٢-٣ ئەفسانە وەك کەرەستەیەك بۆ دەربڕینی هزر:

ئەفسانە یەکێکە لەو بەشانەی فۆلکلۆر کە زۆرجار نووسەران تێکەڵ بە ژانرە ئەدەبییەکان دەکەن، کە لەڕێگەی دەربڕینی خەیاڵی و گێڕانەوەی کۆن و خەیاڵی کە لە واقیعدا دوورە. بەرهەمەکانیان دەوڵەمەند دەکەن، ((ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە لە سەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویانداوە)) (سەردار ئەحمەد حسن،٢٠٠٤:٢٦٥)، واتە ئەفسانە گێڕانەوەی ئەو دیاردە و ڕووداوانەیە کە لە کۆندا ڕوویانداوە، بەڵام بە شێوازێکی هونەری ، هەروەها لە هەندێك شوێندا ئەفسانە وەك چیرۆکێکی بێ خاوەن ناونراوە، ((ئەفسانە ئەو چیرۆکەیە دانەرەکەی دیار نییە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسێتی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەستەی ئەفسانەیی

لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەیی دەکەن)) (مەولوود ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٦٣)، واتە لێرەدا ئەفسانە ئەو چیرۆکەیە، کە هەر یەك لە تاکێکی کۆمەڵگا خۆی بەخاوەنی دەزانێت. لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا نووسەر بە شێوەی جیاواز پەنای بۆ بەکارهێنانی هزری ئەفسانە بردووە، کە ئەمەش زیاتر بۆ توانا و لێهاتوویی نووسەر دەگەڕێتەوە کە هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هزری جیاواز و سوود وەرگرتن لە بەشەکانی فۆلکلۆر چیرۆکەکانی دەوڵەمەند بکات، نووسەر لە چیرۆکی (پاشای شارێك) کە سەراپای چیرۆکەکە گێڕانەوەیەکی ئەفسانەییە و بە هزرێکی ئەفسانەیی داڕشتنی بۆ کراوە، بۆ نموونە دەڵێ: ((ئەگێڕنەوە .. ئەڵێن .... شارێك هەبوو هەمیشە .. تاریك بوو .. ئاسمانی ئەو شارە بێ هەتاو و مانگ و ئەستێرە بوو..)) (دیجلەی تاوان، ل ١٨)، کە لێرەدا وەکو گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی باس لە شارێك دەکات کە لە خەیاڵی خۆی دروستی کردووە و لە واقیعدا بوونی نییە، کە ئاسمانەکەی بێ مانگ و ئەستێرە و هەتاوە، یان لە شوێنێکی تردا لە ڕێگەی دیالۆگەوە باس لە چۆنیەتی بڕیارەکانی پاشا دەکات بەرامبەر بە خەڵکەکە، ئەگەر بە گوێی فەرمانەکانی نەکەن وەك دەڵێ:

- گازی لێ ئەگرن... ها ... کەواتە بڕیارم دا دانەکانیان هەڵکێشن .
- هی هەموو کەس قوربان؟
- هەموو کەس... ژن و پیاو... گەورە و بچووك
- فەرمانی جەنابتانە و لەسەر سەرە (دیجلەی تاوان، ل١٩)

لێرەدا نووسەر لەڕێگەی دیالۆگێکەوە باس لە سزای ئەو خەڵکە دەکات کە کاتێك پاشا داواکارییەکی بۆیان هەیە، ئەوانیش جێبەجێی ناکەن بەهۆی دەست کورتی و هەژاری، هەروەها لە شوێنێکی تردا ئاماژە بۆ دێوانەیەك دەکات چۆن لە کەللـەی سەری دەدرێت: ((پاشا یەکسەر فەرمانی دا کە لەسەری دێوانە بدرێ و کەللـە سەرەکەی بەسەر دارێکەوە لە دەروازەی شار هەڵبواسرێت، تاکو ببێت بە عیبرەت بۆ خەڵکی شارەکە)) (دیجلەی تاوان، ل٢١). لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کاتێك خەڵکەکە لە ترسی پاشا ناوێرن بچن بۆ لای پاشا و قسەی بۆ بکەن و باسی کێشەی خۆیانی بۆ بکەن، بۆیە دێوانەیەك دەچێتە لای پاشا و ئەو باسی کێشەکانی خەڵکەکەی بۆ دەکات، بەڵام پاشا پێی وایە کە دوژمنەکانی ئەو بیرۆکەیان بۆ خەڵکی

شارەکە دارشتووە، بۆیە بڕیار دەدات کە لە سەری دیوانە بدرێت و کەللە سەرەکەی هەڵبواسرێت و بۆ ئەوەی هەموو خەڵك ببینێت و ببینێت بە پەند بۆ هەموو خەڵکەکە، بەڵام لە ڕاستیدا پاشا بە هەڵە لە مەبەستی دێوانە گەیشتبوو، هەروەها لە شوێنێکی تردا هەر لە هەمان چیرۆکدا باس لەوە دەکات کە چۆن خەڵکەکە شارەکەیان جێ هێشتووە و دواتر کە گەڕانەوە چییان کرد، وەك دەڵێ: ((دەمەو ئێوارەیەك بوو دەنگ و هاوار و غەڵبە غەڵب پەیدابوو ... خەڵك سەرلەنوێ بە لێشاو هاتنەوە ... هەریەکەو دارێ یان پاچێ ... یان چەقۆیێکی بەدەستەوە بوو و بەرەو کۆشك ئەهاتن ... یاساوڵەکانیش ڕایان دەکرد ... هەر چەندە لە کۆشك نزیك دەبوونەوە یاساوڵ و پیاوەکانی پاشا خۆیان ئەدۆزییەوە و ڕایان ئەکرد و تێکەڵ بە خەڵکەکە دەبوون... کە دەنگەکان بە تەواوی نزیك بوونەوە خەڵکەکە گەیشتنە ناو کۆشك.... پاشا خەریکی فەرمان ئیمزاکردن بوو خەوی بە شار و جادەیەکەوە ئەبینی کە بە قەرەج تەنرابێ .... جل و بەرگی جوانیان لەبەر دابێ، ژنانیش زەرد و سوور و ڕازاوە پێشوازی لێ دەکەن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن)) (دیجلەی تاوان، ل٢٢_٢٣). لێرەدا ئاماژە بۆ کات و شێوازی گەڕانەوەی خەڵکەکە دەکات دوای ئەوەی کە شاریان بە جێ هێشتبوو لەبەر هەژاری و فەرمانەکانی پاشا، دواتر کە گەڕانەوە هەریەك دارێك یان چەقۆیەك یان شتێکی بە دەستەوە بوو ڕووەو کۆشکی پاشا دەهاتن، کە پاشا زیاتر خەوی بەوە دەبینی کە بەیانی پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت لە لایەن ئەو قەرەجانەی کە خۆی هێنابووی بۆ شار، بەڵام خەونەکەی پێچەوانە بوویەوە و خەڵکی پێشووتری شارەکە هێرشیان بۆ کۆشك هێنا و خەونی پاشایان لەناوبرد، ئەو چیرۆکە کە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی گێڕدراوەتەوە و باس لە پەیوەندیی نێوان پاشا و خەڵکی شارێك و چۆنیەتی گوزەرانی خەڵکەکە دەکات .

٢-٤ ڕەمز وەك کەرەستەیەك بۆ دەربڕینی هزر :

ڕەمز یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆر لە نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا پەنای بۆ دەبەن و بەکاری دەهێنن، کە ئەمەش بۆ زیاتر تەمومژیی واتا و شاردنەوەی بابەتەکە دەخرێتە ڕوو ((ڕەمز بە واتا گشتییەکەی بریتییە لەوەی کە جێگەی شتێکی

تر بگرێته‌وه له ڕووی واتاوه)) (سه‌ردار ئه‌حمه‌د حه‌سه‌ن، ٢٠٠٤:٤٨٣)، هه‌روه‌ها ڕه‌مز وه‌ك هونه‌رێكی ئه‌ده‌بی خۆی له چه‌ندین شێوه و جۆری جیاواز ده‌بینییه‌وه وه‌ك (ڕه‌مزی ئاینی، مێژوویی، ئه‌فسانه‌یی، كه‌لتووری،..... هتد)، كه ئه‌مانه هه‌ریه‌كه‌و گوزارشت له بابه‌تێكی جیاواز ده‌كات، ئه‌گه‌ر سه‌یری ئه‌م كۆمه‌ڵه چیرۆكه بكه‌ین ده‌بینین كه چیرۆكنووس له چه‌ندین چیرۆكدا په‌نای بردۆته به‌ر ده‌ربڕین و هزری ڕه‌مزی، كه ئه‌مه‌ش دیاره بۆ بارودۆخ و سه‌رده‌می ئه‌و كات ده‌گه‌ڕێته‌وه، كه نه ده‌توانرا شته‌كان به ڕوون و ئاشكرا ده‌ریببڕن، بۆیه په‌نایان ده‌برده به‌ر ده‌ربڕینی ڕه‌مزی و ته‌مومژی، بۆ نموونه له چیرۆكی (میوانه ناوه‌خته‌كان) ده‌ڵێ: ((شه‌و بوو، كۆمه‌ڵێك گورگی هار به‌رگی مرۆڤیان پۆشیبوو... بێده‌نگ له زیلێك دێنه خواره‌وه، په‌یژه‌یێكی فافۆن ڕاده‌گرن، ده‌یكه‌نه‌وه، درێژتر و به‌رزتر ده‌بێ، له باڵای دیواره‌كه به‌رزتر به سه‌ریا سه‌ر ده‌كه‌ون و ده‌گه‌نه سه‌ر دیواره‌كه...)) (دیجله‌ی تاوان، ل٥٩)، لێره‌دا (گورگ) وه‌كو ڕه‌مزێك بۆ كۆمه‌ڵه سه‌ربازێكی دڕنده‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه به‌كارهاتووه كه چۆن له شه‌ودا هه‌ڵده‌كوتنه سه‌ر ماڵی خه‌ڵك و به‌سه‌ر دیوار و خانووه‌كان ده‌كه‌ون، كه نووسه‌ر به ناوی (گورگی هار) ناوی بردوون .

ئەنجام

١- هزر وەك لایەنێکی فەلسەفی، بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی بەگشتی دادەنرێت، بەڵام بەکارهێنان و سنووری هزرەکە بەپێی جیاوازیی دەقەکان، جیاواز دەبێت، چونکە هەر دەقێك یان ژانرێکی ئەدەبی شێوازێکی تایبەتی بۆ داڕشتنی هزرەکە هەیە.

٢- نووسەر لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا زیاتر هزرەکانی بوونێکی واقیعییانەیان پێوە دیارە، ئەو ڕووداو و بابەتانە بوونە، کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا ڕوویانداوە و کاری تێکردوون، بوونەتە هەوێنێك بۆ چیرۆکەکانی.

٣- حەسەن جاف لە نێو چیرۆکەکانیدا بەهۆی بارودۆخی ئەو سەردەمە و ژیانی ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا ژیاوە، وایکردووە کە هزری جۆراوجۆر لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگ بداتەوە وەك (هزری سیاسی، هزری نەتەوەیی)، هەروەها لەپاڵ ئەمەشدا سوودی لە ڕەمز و ئەفسانە وەرگرتووە وەکو کەرەستەیەك بۆ دەربڕینی هزرەکان.

٤- لەنێو جۆرەکانی هزردا، زیاتر هزری (سیاسی) باڵی بەسەر بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی کێشاوە، ئەمەش بێگومان بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە لەو سەردەمەدا ئەم لایەنە کاریگەریی زۆری بەسەر نووسەرەکەوە بەجێهێشتبێت.

سەرچاوەکان

یەکەم/ کوردییەکان

أ- کتێبەکان:

١- ئاریانا ئیبراهیم، شێوازە ئەدەبییەکانی رۆژنامەی خەبات (٢٠٠٣-٢٠٠٦) چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر،٢٠١١.

٢- پەرێز سابیر، بنیاتی هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣- حسن جاف ، دیجلەی تاوان (کورتە چیرۆك)، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠.

٤- حەمە سەعید، هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥.

٥- حمید عزیز، لۆجیکی ئەرستۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩ .

٦- سالار عزیز، هزری فەلسەفی لە شیعری مەلای جزیری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤.

٧- سەردار ئەحمەد حسن، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٨- سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لەکورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

٩- عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

١٠-عوسمان دەشتی، هێمن لە بارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی،٢٠٠٣.

١١-فوئاد عبدالرحمان، بیر- ئاواز- زمان، دەزگای چاپ و پەخشی حمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٢-لێژنەی ئەدەب کۆڕی زانیاری کوردی، زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٣-مەولوود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەهران، تەهران، ٢٠٢٠.

١٤-هیمداد حسێن، ڕۆژنامە نووسی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان، ؟ ، سلێمانی، ٢٠٠٢.

ب- نامه ئه‌كادیمییه‌كان:

١٥-عبدالله ئاگرین، كاریگه‌ریی بیری نه‌ته‌وه‌یی له گه‌شه‌سه‌ندنی كورته چیرۆكی كوردیی كوردستانی عێراقدا ١٩٦١_١٩٧٠، نامه‌ی دكتۆرا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سه‌لاحه‌ددین، هه‌ولێر، ١٩٩٩.

دووه‌م/ عه‌ره‌بییه‌كان

١٦-احمد ابن فارس، معجم مقياس اللغة، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، الطبعة الثانية، دارالكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٨.

١٧- ابي حامد محمد بن محمد الغزالي، احياء علوم الدين، الطبعة الأولى، دار ابن عزم، بيروت، ٢٠٠٦.

١٨-د. محمد محمد داود، جدلية اللغة والفكر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٩.

الملخص

الفكر في قصص حسن الجاف

المجموعة القصصية (دجلة الجريمة) انموذجا

هذا البحث بعنوان (**الفكر في قصص حسن الجاف المجموعة القصصية (دجلة الجريمة) انموذجا**)، إذ أن الفكر كجزء مهم من مكونات النص، له مشاركة واسعة في تكوين النصوص، فقد حاولنا هنا من خلال المنهج التحليلي تحليل الجانب الفكري في القصص وتحديد اهم أنواع تلك الافكار التي انعكست في قصص القاص، والتي اصبحت المغزى الرئيسي لقصصه.

يتكون اطار هذا البحث من مبحثين، اذ تم التطرق في المبحث الأول الى هذه الموضوعات (الفكر كنظرة نظرية، مفهوم الفكر، الفكر في النصوص المختلفة، الفكر في القصة الكوردية). أما المبحث الثاني خصص للمزيد من التعريف بالفكر في القصة الكوردية، تناولنا المجموعة القصصية (الدجلة المذنبة) لحسن الجاف انموذجا، ففي هذا المبحث تم استعراض هذه الموضوعات (الفكر عند حسن الجاف، تحليل قصص حسن الجاف من حيث الفكر، الفكر السياسي، الفكر الوطني (القومي)، الفكر الملحمي، الفكر الرمزي).

توصلنا في النهاية الى النتيجة التي مفادها أن الكاتب في هذه المجموعة القصصية أستطاع ان يتعامل مع الافكار المتنوعة بشكل متفوق، كذلك احتل الفكر السياسي الجزء الاكبر من قصصه.

Abstract

(Theme in stories written by Hassan Jaff, the collection of stories titled The Tigris of Crime (Dijlai Tawan) as a case study)

This paper is titled (theme in stories written by Hassan Jaff, the collection of stories titled The Tigris of Crime (Dijlai Tawan) as a case study). Theme, as an important part in the components of a text, has an important and serious role in creating any text. Here, I tried to analyze theme of the stories applying analytical method and write down the most important types of these themes which are reflected in his stories and become a core material for his stories.

This paper consists of two parts. The first part consists of (theme as a theoretical point of view, theme as a term, theme in different texts, theme in Kurdish stories). In the second part, to better introduce theme in Kurdish stories, I select the collection stories of The Tigris Crime (Dijlai Tawan) by Hassan Jaff as a case study. This part is dedicated to discuss (theme for Hassan Jaff, thematically analyzation of stories of Hassan Jaff, political them, patriotic theme, mythical theme, symbolic theme).

I come conclusion that the writer being successful in dealing with various types of themes and that political theme has occupied vast area in wors.